**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە١٠/ ٤/٢٠١٣ بریارماندا بە دەرکردنی :-

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای کێبرکێ و قەدەغەکردنی قۆرەخکاریی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم.

**چوارەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستنی کێبرکێ و قەدەغەکردنی قۆرەخکاریی.

**پێنجەم:** کێبرکێ: ئەنجامدانی چالاکیە ئابورییەکان بەپێی میکانیزمەکانی بازاڕ بەبێ کاریگەری یان کۆتکردنی ئەم میکانیزمانە بە کاریگەرییێك یان کۆتکردنێکی زێدەڕۆ کە ئاسەواری زیانبەخش بە بازرگانی یان گەشەسەندن بگەینێت.

**شەشەم:** قۆرەخکاریی: هەر چالاکی یان پێکهاتنێك لە لایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، یان زیاتر لە کەسێك، یان لە لایەن ئەو کەسەی دەبێتە نێوانگیر لە نێوانیاندا ، بۆ زاڵبوون بەسەر نرخ لە بازاڕ یان جۆری کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان ، بە جۆرێك ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەکاربەرو کۆمەڵگە.

**حەوتەم:** بازار: ئەو ناوچەیەیە کە بەرهەمهێنەران و بەکاربەران بەیەکتری دەگەن بۆ بەستنی مامەڵەی بازرگانی دەربارەی کەلوپەلێکی دیاریکراو، وە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە مەرج نیە بازاڕ لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا گۆشەگیر بکرێت.

**هەشتەم:** چوونەناویەك: چوونەناوی دوو کۆمپانیا یان زیاتر بە مەبەستی فراوانکردنی پشکیان لە بازاڕدا

**نۆیەم:** نرخی کڕینی راستەقینە: ئەو نرخەیە کە لە لیستی کڕین جێگیر کراوە پاش لێکەمکردنی ئەو داشکانانەی کە تیایدا دەقیان لەسەر کراوە.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی ئەم یاسایە بریتیە لە رێکخستنی کێبرکێ و قەدەغەکردنی کارە قۆرەخکارییەکان لە رێگەی بەرەنگاری بوونەوە یان هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتنە یان ڕەفتارکارییە کۆتکارەکان لە نێوان دامەزراوە بازرگانیەکان یان چوونەناویەکەکان و پرۆسەکانی کڕین یان بەخراپ بەکارهێنانی ناوەندیی هێزیی بازاریی زاڵبوو، بەجۆرێك ببێتە هۆی سنووردانان بۆ گەیشتن بە بازاڕ یان بەزێدەڕۆیی کۆتی دەکات، ئەمەش کاریگەری زیانبەخشی دەبێت لەسەر بازرگانی ناوەخۆ یان نێودەوڵەتی یان گەشەسەندنی ئابوری و زیان بە کۆمەڵگە دەگەینێت.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر ئەو چالاکیە بەرهەمهێنانەو بازرگانی و خزمەتگوزارییانەی کەسانی سروشتی و مەعنەوی لە ناو هەرێمدا پێی هەڵدەستن، هەروەها حوکمەکانی پیادە دەکرێت بەسەر هەر چالاکییێکی ئابوری کە لە دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێت و ئاساواری ناوەخۆیی لێدەکەوێتەوە.

**دووەم:** ئەو بڕیارانەی وەزارەت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دیاریکردنی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، پاڵپشت بە بوونی بارودۆخێکی بەدەرو لەناکاو بۆ ئەو ماوەیەی کە بارودۆخی ئاماژە بۆکراو پێویستی پێیەتی، دەریدەکات، لە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەدەر دەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

لە وەزارەت ئەنجومەنێك بە ناوی ( ئەنجومەنی پاراستنی کێبرکێ و قەدەغەکردنی قۆرەخکارەیی ) پێکدەهێنرێت و بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی سەرۆکایەتی دەکات لەگەڵ ئەندامێتی ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەڕێوەبەری گشتی کە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەن:

١- وەزارەتی ناوەخۆ.

٢- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

٣- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

٤- وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆریی.

**دووەم:** نوێنەرێك لە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر.

**سێیەم:** چەند ئەندامێك کە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەن :

١- یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان .

٢- یەکێتیی جوتیاران .

٣- سەندیکای ژمێرکارو ووردبینکاران .

٤- یەکێتیی پیاوانی کار .

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن، بە لایەنی کەم، مانگی دوو جار کۆدەبێتەوە، یان هەر جارێك پێویست بکات، کۆبونەوەکانیشی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینە دەردەکات .

**دووەم:** نابێت بۆ هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن بەشداری بکات لە گفتوگۆ یان دەنگدان لە حاڵەتێکی بەردەستی ئەنجومەن ئەگەر تیایدا بەرژەوەندی هەبێت یان لە نێوانی ئەو ویەکێك لە لایەنەکانی پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوار هەبێت، یان نوێنەرایەتی لایەنێکی کردبێت یان بکات

**سێیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە داوا بکات لەو کەسەی پشتی پێ دەبەستێت لە شارەزاو پسپۆڕ لە ناوەوەی یان دەرەوەی سەندیکاو یەکێتیەکان تا ئامادەی کۆبونەوەکانی ببێت بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت .

**چوارەم:** ئەنجومەن پێڕەوی ناوەخۆ بۆ کارایی کارەکانی دادەنێت .

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەن تایبەتمەند دەبێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئامادەکردنی زانیاری تەواو دەربارەی چالاکی ئابوری و نوێکردنەوەو پەرەپێدانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە گشت بوارەکانی پەیوەست بە کێبرکێ و قەدەغەکردنی کارە قۆرەخکارییەکان، و هەڵسان بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی پێویست لەم بارەیەوە.

**دووەم:** وەرگرتنی زانیاری پەیوەست بە كارە پێشێلكارییەكانی ڕێساكانی كێبڕكێ و قەدەغەكردنی قۆرەخكاریی بە هاوكاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكان ، و گرتنەبەری ڕێكاری گونجاو دەربارەیان بەپێی یاسا.

**سێیەم:** هەماهەنگی كردن لەگەڵ دەزگا هاوشێوەكان لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاری و داتای پەیوەست بە جێبەجێكردنی ڕێساكانی كێبڕكێ و قەدەغەكردنی قۆرەخكاریی لە حكومەتی ناوەندیی و هەرێمەكان و دەوڵەتان بەپێی یاسا بەركارەكان.

**چوارەم:** ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی نیو ساڵیی دەربارەی چالاكیەكانی ئەنجومەن و پلانی داهاتوو پێشنیارەكانی دەربارەی كێبڕكێ و قەدەغەكردنی قۆرەخكاریی و خستنەبەردەستی وەزیرەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

كاری چالاكی ئابوری و بازرگانی بەو شێوەیەوە دەبێت كە نەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە كێبڕكێ یان كۆتكردنی یان زیان پێگەیاندنی تەنها بۆ حوكمەكانی ئەم یاسایە، بە مەرجێك پێشێلی پەیماننامەو ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكانی پەسەندكراو لە لایەن حكومەتی ناوەندییەوە نەكات.

**ماددەی هەشتەم:**

قەدەغەیە دەربارەی ئەمانەی خوارەوە پێكهاتن یان گرێبەستكردن لە نێوان كەسانی كێبڕكێكار لە هەر بازاڕێك یان لە لایەن ئەوەی كۆنترۆلی بەسەر بازارێكی دیاریكراودا هەبێت بە مەبەستی قۆرەخكاریی و هێنانەكایەی كێبڕكێی ناڕەوا، ئەنجام بدرێت:

**یەكەم:** هەر چوونەناویەكێك لە نێوان دوو كۆمپانیا یان زیاتر یان هەر كارێكی بازرگانی كۆتكار ئەگەر كۆمپانیاییێك یان كۆمەڵێك كۆمپانیای لێكدراو یان پێكەوەبەستراو كۆنترۆلی ٣٥٪ی یان زیاتری كۆی گشتی بەرهەمهێنانی كەلوپەلێك یان خزمەتگوزارییێكی دیاریكراو بكات یان ئەگەر كۆنترۆلی ٣٥٪ی یان زیاتری كۆی گشتی فرۆشراوەكانی كەلوپەلێك یان خزمەتگوزارییێكی دیاریكراو بكات.

**دووەم:** قەدەغەیە لەسەر هەر لایەنێك دووبارە بەرهەمێك وەك خۆی بە نرخێكی كەمتر لە نرخی كڕینی ڕاستەقینەی خۆی سەرباری زێدەكردنی باج و رسوماتی سەر بەرهەمەكە و تێچوونی گواستنەوە ئەگەر هەبێت، بفرۆشێتەوە، ئەگەر ئامانجی لەمەدا بریتی بێت لە بەجێنەهێنانی كێبڕكێی ڕەوا، وە ئەم قەدەغەكردنەی لەم بەندە دەقی لەسەر كراوە ئەو بەرهەمانی كە خێرا تێكدەچن و ئەو داشكانانەی مۆڵەتدراون بۆ هەر فرۆشتنێك بۆ پاكتاوكردنی كارەكان یان نوێكردنەوەی شتی عەمباركراو بە نرخی كەمتر، لەخۆ ناگرێت.

**سێیەم:** یاریکردن بە نرخی بەرهەمەکان بە بەرزکردنەوە یان کەمکردنەوە یان جێگیرکردنی نرخەکانی فرۆشتن وکڕین بۆ ئەو بەرهەمانەی بابەتی مامەڵەکردنن.

**چوارەم:** دابەشکردنی بازاڕەکانی بەرهەمهێنان یان تەرخانکردنی لەسەر بنەمای ناوچەی جوگرافی یان بنکەی دابەشکردن یان جۆری کڕیارەکان یان کەلوپەل یان وەرز یان ماوەی دیاریکراو.

**پێنجەم:** هەماهەنگی لەوەی پەیوەستە بە بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە چوونە نێو کەمکردن یان زێدەگریی وکاراییەکان و گشت پێشکەشکراوەکانی دابینکردن.

**شەشەم:** دانانی کۆت لەسەر بەرهەمهێنان یان فرۆشتن بە دیاریکردنی پشکەکانیشەوە.

**حەوتەم:** پێکبوون لە تەندەرەکان بەوەی لایەنێك یان زیاتر پێکبێن لەسەر پێشکەش نەکردنی تەندەر یان کەمکردن یان پێکهاتن لەسەر دیاریکردنی نرخەکان یان بەندەکان یان مەرجەکانی تەندەر یان کەمکردن و پێکهاتن لە نێوانیاندا لەسەر ئەوەی ببنە هاوبەش لەو تەندەرەی کەوا زیاتر سەرنج ڕاکێشە.

**هەشتەم:** کۆتکردنی پرۆسەکانی دروستکردن یان دابەشکردن یان بازاڕکردن یان سنووردانان بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان یان جۆریان یان قەبارەیان یان دانانی مەرج یان کۆت لەسەر دابینکردنیان.

**نۆیەم:** پێکهاتن لەسەر دروستکردن یان بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی بەرهەمێك بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەیەکی دیاریکراو.

**دەیەم:** پێکهاتن لەسەر بەستنی مامەڵەی کڕین یان فرۆشتنی بەرهەمێك لەگەڵ هەر کەسێك یان بەپێی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەجۆرێك ببێتە هۆی سنووردانان بۆ ئازادی چوونە نێو بازاڕ یان هاتنەدەرەوە تیایدا لەهەر کاتێك بێت.

**یازدەم:** پێکهاتن لەسەر کورتبوونەوە بەسەر دابەشکردنی بەرهەمێك جگە لە بەرهەمەکانی تر لەسەر بنەمای ناوچەی جوگرافی یان بنکەی دابەشکردن یان کڕیار یان وەرز یان ماوەی دیاریکراو.

**دوازدەم:** جیاکاری کردن لە نێوان فرۆشیار یان کڕیار کەوا پێگەی بازرگانیان لێکدەچێت لە چوارچێوەی فرۆشتن یان کڕین یان لە مەرجی مامەڵەکردن.

**سێزدەم:** خۆگرتن لە بەرهەمهێنان یان بەردەستکردنی بەرهەمێکی کەم کاتێك بەرهەمهێنانی لە ڕووی ئابوریەوە لە توانا دابێت.

**چواردەم:** پابەند کردنی دابینکارێك بە مامەڵە نەکردن لەگەڵ کێبڕکێکارێکی تر.

**پازدەم:** سنووردانان بۆ ئازادی گەیشتنی بەرهەمەکان بۆ بازاڕەکان یان هاتنەدەرەوەیان تیایدا بە شێوەیەکی تەواوەکیی یان بەشەکیی، ئەویش بە شاردنەوەی یان خۆگرتن لە مامەڵە پێکردنی، سەرەڕای بوونی لە لای هەڵگرەکەی یان بە عەمبارکردنی بەبێ بیانوو.

**شازدەم:** ڕێگەگرتن یان تەگەرەخستنە بەر کارایی هەر کەسێك بۆ چالاکی ئابوری یان بازرگانی لە بازاڕدا.

**حەڤدەم:** شاردنەوەی بەرهەمە بەردەستەکانی بازاڕ بەشێوەیەکی تەواوەکیی یان بەشەکیی لە کەسێکی دیاریکراو بەبێ بیانوویەکی ڕەوا.

**هەژدەم:** بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست دەربارەی بەرهەم یان نرخ یان نرخدانەنان بۆیان سەرباری پێزانین بەمە .

**نۆزدەم:** خۆگرتن لە مامەڵەکردن بە بەرهەمەکان بە فرۆشتن یان کڕین یان سنووردانان بۆ ئەم مامەڵەکردنە یان تەگەرەخستنە بەری بەجۆرێك ببێتە هۆی سەپاندنی نرخی ناڕاستەقینە بۆی.

**بیستەم:** کەمکردنەوە یان زێدەکردنی بڕی بەردەست لە بەرهەمێك بەجۆرێك ببێتە هۆی دروستکردنی کورتهێنان یان فرەیەکی ناڕاستەقینە بۆی .

**بیست و یەکەم:** سەپاندنی پابەندبوون بە دروست نەکردن یان بەرهەم نەهێنان یان دابەش نەکردنی بەرهەمێك بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەیەکی دیاریکراو.

**بیست و دووەم:** هەڵپەساردنی بەستنی گرێبەست یان پێکهاتنی فرۆشتن یان کڕینی بەرهەمێك لەسەر مەرجی ڕازی بوون بە پابەندیی یان بەرهەمێك کە سروشتەکەی یان بەگوێرەی بەکارهێنانی بازرگانی پەیوەست نەبێت بە بابەتی مامەڵە ڕەسەنەکە یان پێکهاتنەکە.

**بیست و سێیەم:** بەهەدەر دانی هاودەرفەتی لە نێوان کێبڕکێکاران بە جیاکاری کردنی هەندێکیان لە هەندێکی تر لە مەرجەکانی مامەڵەی فرۆشتن یان کڕین بەبێ بیانوویەکی ڕەوا.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەو فەرمانبەرەی بەشێوەیەکی فەرمی لە لایەن ئەنجومەنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داد راسپێردراوە لە کاتی ڕاپەراندنی ئەرکەکانی لە سنووری دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن کە لە سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکەوێتەوە، بە ئەندامی ڕێکهێنانی دادگەریی هەژمار دەکرێت، لەم پێناوەشدا ئەمانەی خوارەوەی بۆ هەیە:

**یەکەم:** مافی چوونە نێو ئەو جێگەو شوێن و دامەزراوانەی کەسی سەرپێچیکار تیایدا چالاکیەکانی خۆی کارا دەکات، و پشکنین و سەیرکردنی بەڵگەنامەو تۆمارەکانی لە لای هەر لایەنێکی حکومی یان ناحکومی بێت، و هێشتنەوەی هەر کامێکیان بێت یان بە کۆپیکراویی بەمەرجێك لە دوای کۆتایی هاتنی ووردبینی کردنیان بگەڕێندرێنەوە.

**دووەم:** داخستنی ئەو شوێنانەی دەویسترێن پشکنینیان بۆ بکرێت لە کاتی ڕوودانی هەر رێگرییێك یان تەگەرەیەك لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ، بۆ ماوەی سێ رۆژ ، ئەنجومەنیش دەسەلاتی هەیە بە داخستن یان درێژکردنەوەی بۆ ماوەیەك کە لە ١٥ پازدە رۆژ تێپەر نەکات .

**سێیەم:** لێکۆلێنەوەکردن لەگەڵ هەر کەسێك گومان بکرێت سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکات و نووسینەوەی ووتەکانی لە کۆنووسێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە دەکرێتەوە.

**چوارەم:** ئامادەکردنی راپۆرتی پێویست بۆ هەر حاڵەتێك کە سەرپێچی بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە بنوێنێت.

**ماددەی دەیەم:**

ئەو دەسەلاتەی وەزارەتی داد، کە لە ماددەی نۆیەمدا هاتووە، کورت دەکرێتەوە سەر کردنەوەی خولی راهێنان بۆ فەرمانبەری ڕاسپێردراو لە لایەن ئەنجومەنەوە وەك ئەندامی رێکهێنانی دادگەریی بۆ ئاسانکاری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە سنووری دەسەلاتەکانی ئەنجومەن.

**ماددەی یازدەم:**

سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك کە لە (١٠٪)ی کۆی گشتی فرۆشراوی ساڵانەی کەلوپەلێك یان داهاتی خزمەتگوزاری بابەتی سەرپێچیەکە کەمتر نەبێت و لە (٢٠٪)ی زیاتر نەبێت .

**ماددەی دوازدەم:**

لەگەڵ لانەدان لە هەر سزایەکی توندتر کە لە هەر یاسایەکی تری بەرکار لە هەرێمدا دەقی لەسەر کراوە، هەر کەسێك زانیاری یان نووسراو یان بەڵگەنامەی نادروست ، سەرەڕای زانینی بە نادروستیەکە ، پێشکەشی ئەنجومەنی بکات یان خۆی بگرێت لە پێشکەش کردنی زانیاری و بەڵگەنامەی دروست ، ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك کە لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** لەکاتی دیاریکردنی ئەو غەرامانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەسەپێنرێن ، قەبارەی ئەو سوودەی لایەنی سەرپێچیکار بەدەستیهێناوەو بڕی ئەو زیانەی بەکەسانی تر گەیشتووە ، ڕەچاو دەکرێن .

**دووەم:** ئەو غەرامانەی لە هەردوو ماددەی (١١-١٢) بە نزمترین و بەرزترین ئاست، دەقیان لەسەر کراوە ، لە حاڵەتی گەڕانەوەی سەر سەرپێچی، ئەوا دووجا دەکرێن .

**سێیەم:** کەسی زیانپێگەیشتوو بە هۆی ئەو چالاکیانەی لەم یاسایەدا قەدەغەکراون بۆی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکات لە لای دادگای تایبەتمەندەوە .

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت ببنە خاوەنی مایە یان مافی خاوەنداریتی یان سوودمەندی یان کڕینی پشك یان پێکهێنانی یەکێتیی یان چوونەناویەك یان کۆکردنەوەی بەڕێوەبردنی دوو کەسی مەعنەوی یان زیاتر یان پێکهاتنی تایبەت بە نرخ و مەرجەکانی فرۆشتن و بڕەکانی بەرهەمهێنان و دابینکردن بە جۆرێك ببێتە هۆی کۆنترۆل کردن یان زاڵبوون بەسەر بازاڕدا، ئاگاداری ئەنجومەن بکەنەوە ئەویش هەڵدەستێت بە پشکنینی ئاگادارکردنەوەکەو دەرکردنی بڕیار دەربارەیەوە لە ماوەیەك کە لە سی رۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئاگادارکردنەوەکە بۆی تێپەر نەکات، ئەگەر ئەم ماوەیە بەبێ تێڕوانینی ئاگادارکردنەوەکە بەسەرچوو ئەوا بە ڕەزامەندی لەسەری هەژمار دەکرێت. وە لە گشت حاڵەتێکدا نابێت ئەو ڕەفتارکارییانەی کە ئەنجومەن لێی ئاگادارکراوەتەوە تەواو بکرێن تەنها لە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنەوە یان بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی ئاماژەی بۆ کراوە بەبێ تێڕوانینی داواکارییەکە .

**دووەم:** لە حاڵەتی پابەند نەبوون بە بڕگەی ( یەکەم )ی ئەم ماددەیە ئەوا حوکمەکانی ماددە (١٢)ی ئەم یاسایەی بەسەردا پیادە دەکرێت .

**ماددەی پازدەم:**

ئاشکراکردنی ئەو زانیاری و داتایانەی پەیوەستن بەکۆمپانیاکان و چوونە ناویەکیان و چالاکیەکانیان لەکاتی سەپاندنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا یان بەکارهێنانی جگە لەو مەبەستانەی بۆیان پێشکەشکراوە، قەدەغەیە، وکەسی سەرپێچیکار بە هەمان سزای هاتوو لە ماددە (١٢)ی ئەم یاسایەدا، سزا دەدرێت .

**ماددەی شازدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەن لە كاتی سەلماندنی سەرپێچیكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەم ڕێكارانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

**یەكەم:** پێویستە لەسەر كەسی سەرپێچیكار بارودۆخی خۆی هەموار بكاتەوەو سەرپێچیەكە لە ماوەیەكی دیاریكراودا لاببات ئەویش بەبێ پێشێلكردنی حوكمەكانی بەرپرسێتی كە لەم سەرپێچیانە دەكەوێتەوە.

**دووەم:** داخستنی كاتی بۆ دامەزراوی سەرپێچیكار بۆ ماوەیەك كە لە (١٥) ڕۆژ تێپەڕ نەكات بەمەرجێك نابێت دووبارە ئەم دامەزراوانە بكرێنەوە تەنها لە دوای لابردنی سەرپێچیەكەوە نەبێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی دادگەریی لە هەرێم ، دادگا پێكبهێنێت بۆ تێڕوانینی ئەو ناكۆكیانەی لە پاراستنی بەكاربەرو و كێبڕكێ و قەدەغەكردنی كارە قۆرەخكارییەكان و كارە بازرگانیەكانی تر دەكەونەوە.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەكەم:** ئەو كەسەی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كردارەكی كەسی مەعنەویی سەرپێچیكار بە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ كردەوەكانی سەرپێچیكار بۆ حوكمەكانی ئەم یاسایە، سزا دەدرێت، ئەگەر سەلمێنرا كەوا بەم كارانەی دەزانی و بەجێنەگەیاندنی ئەو ئەركانەی كە ئەم بەڕێوەبردنە دەیخاتە ئەستۆی بەشداری كردووە لە كەوتنی تاوانەكە.

**دووەم:** كەسی مەعنەوی بە هاوبەشی بەرپرس دەبێت لە بەجێگەیاندنی هەر سزایەكی دارایی یان قەرەبووكردنەوەیەك كە حوكمی پێ دەدرێت ئەگەر سەرپێچیەكە لە لایەن یەكێك لە كارمەندەكانی یان بە ناوی یەكێكیان یان بۆ بەرژەوەندی یەكێكیان ئەنجامدرابێت .

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەكەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوی پێویست بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

**دووەم:** پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

**ماددەی بیستەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٥ / ئایار /٢٠١٣ ی میلادی**

**هۆیە پێویستکارەکان**

لەپێناو ڕێکخستنی کێبرکێ و قەدەغەکردنی یان ئەوکارە قۆرەخکارییانەی کەوا کەسێکی سروشتی مەعنەوی لە کەسانی وەبەرهێن و بەرهەمهێن و بەبازارکاران و کەسانی تر پێی هەڵدەستن لە گشت ئەو چالاکیە بەرهەمهێن و بازرگانی و خزمەتگوزاری و چالاکیە ئابوریانەی کەوا لە ناوەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێن و لە دەرەوەشی ئەنجام دەدرێن و لە ناوەوەی هەرێم ئاسەواری لێدەکەوێتەوەو دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.